زانكۆی سەلاحەددین
كۆلێژی پەروەردە
بەشی زمانی كوردی

# واتاسازیی


## پۆلی چوارەم

## ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤

## كۆرسی یەكەم

## ئاستەکانی زمان و تێڕوانینی نویٚ بۆیان :

دەبیٚ ئەوە بزانین کە ئەگەرچی  پێشتر تێڕوانین بۆ زمان تێڕوانینێکی سێلۆنە بووە ، کە ئەوانیش ئاستەکانی دەنگ و ڕێزمان و واتان ، هە رچەندە ئێستا تێڕوانینێکی شەشلۆنە لە ئارادایە و بێگومان ئەمەش هەر لەسەر بنچینەی کۆنەکەیە ، چونکە هەریەك لە ئاستەکان دابەشدەبنەوە بەسەر پێکهاتەی تردا ٠ بۆ نموونە ئاستی دەنگ ، خۆی لە خۆیدا ئاستەکانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجیش دەگرێتەوە ٠ هەر بەو پێیەش ئاستی ڕێزمان بریتی دەبێت لە وشەسازی و ڕستەسازی ، سێیەمیش کە ئاستی واتایە بە گشتی، دەبێتە ئاستی واتاسازی لە زۆر باردا هەر بە سیمانتیك ناوی دەبە ین ، لەگەڵ ئاستی ئاستی پراگماتیك ، وەك لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەبینرێت :




پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ، ئاستەکانی زمان تێکچڕژاون بەئاسانی لێك جیا ناکرێتەوە ، بەڵام  بەمەبەستی لێکۆلینەوە لە ڕوانگەی تیۆرییەوە جیاکراونەتەوە .

## سەرەتا :

سەرەتا ئەوە دەڵێین واتاسازی توێژینەوەیەکی زانستی واتایە لە زماندا ، هەر بۆیە ئاستێکی گرنگ و پڕ بایەخی زمانەوانییە ، سەرەڕای پەیوەندی بە زانستەکانی تر پەیوەندی بەتینی بە هەموو ئاستەکانی زمانەوە هەیە و باڵی بەسەر هەموو ئاستەکانی تری زماندا کێشاوە هەر بۆیەش زمانەوانان پێیان وایە بە بیٚ واتا زمان بوونی نابێت .

**سەبارەت بە زاراوەی واتاسازیی**

له ڕاستیدا ئەم زاراوەیە تاکو سەدەی بیستەم بە شێوەیەکی فراوان بەکارنەدەهێنرا ، کەچی ئەو بابەتانەی  کە ئەم زانستە لێیان دەکۆڵێتەوە ، زۆر دێرینن، و بۆ کەڵە فەیلەسوف و لۆجیکناسانی گریگ دەگەڕێتەوە وەکو ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و ئەوانی دی .

ئینجا بابێینە سەر وشەی semantics وەك زاراوە لە وشەی seam ی گریکییەوە وەرگیراوە وشەکەش لەزمانی ئینگلیزیدا بەمانایsing دێت واتە هێما ، هەروەها semantics لەسەدەی حه ڤدەدا له سنوری چەمکی فەلسەفی واتاییدا بە مانای ( کەهەنوت) واتە ( علم الغیب) هاتووە . پاشان زاراوەکە له لێکۆلینەوەکانی واتا بەکارهاتووە . واتاسازیی وەك زانستێکی سەربەخۆ لە زمانەوانیدا مێژووەکەی بۆ ساڵی (١٨٣٩) دەگەرێتەوە ، بەلأم نەك لە ژێر ناوی سیمانتیك .

یەکەم کەس وەکو زاراوەیەکی زمانیی بەکاری هێنابێت ، زانای فەرەنسی (میشێل بریل) بووە ، ئەمەش لە ساڵی (١٨٨٣).

**بایەخی واتاسازیی:**

واتاسازی وەك زانستێك لە زمانەوانیدا بایەخ بە١- لێکۆلینەوە و شیکردنەوەی واتای وشە و گرێ و ڕستەکانی زمان دەدات واتە لە ڕوانگەیەکی زمانییەوە دەڕوانێتە واتا ، هەروەها ٢- هەوڵدەدات پەیوەندیی واتایی جۆراوجۆر لە نێوان یەکەکانی زماندا بدۆزێتەوە ، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ورد و بابەتیانە لە واتا بکۆڵێتەوە .

**بنەمای واتاسازیی**

ئەو بنەمایەی کە واتاسازی لەسەر بنیادنراوە بریتییە لە واتا ، مەبەست لە واتا ( واتای وشە وڕستە یان دەق) ە،دەبێت ئەوە بڵێین گەڕان بە دوای واتادا ئەوە نییە ، بە دوای بونێکی سەربەخۆ ، یان ئەو بوونانەی وشەکان هەیانە بگەڕێن ، بەڵکو بریتیە لە تێگەیشتنی ماهیەت و مەبەستی وشەکان و ڕستەکان ، واتە چۆن واتا وەردەگرن ، یان واتادار دەبن .

گرنگی واتا لە زماندا شتێکی دیار و ئاشکرایە ، تەنانەت هەندێ جار زمان بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت : زمان بریتیە لە واتا وخراوەتە ناودەنگەوە ،لێرەدا چەمکی واتا بە چەمکێکی بنجی زمان دادەنرێت. لەبەر ئەوە دەربڕین و گەیاندن بە دوو ئەرکی سەرەکی و بنجی زمان دادەنرێن ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت ، کە واتا ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگ دەبینێت لە هەموو ئاستەکانی شیکردنەوەی زماندا ، هەر لە ئاستی شیکردنەوەی فۆنیمەوە تاوەکو دەگاتە لێکدانەوەی ڕستە و دەق .

**پێناسەی واتاسازیی**

پێناسەی واتاسازیی ،ئەوە زانایان و زمانەوانان گەلێك پێناسەیان دەربارەی واتاسازی پێشکەش کردووە . هەر بۆیە تاکو ئێستا پێناسەکردنی ئاسان نەبووە ، کە هەموو مەبەست و لایەنەکانی بە خۆوە بگرێت ، بۆیە دیاریکردن و ناساندنی زانستێك لە واتا بکۆڵێتەوە، هەروا بە کارێکی ئاسان دانانرێت، سەرەڕای ئەوە زانایان و زمانەوانان هەریەکەیان بە پێی

بۆچوون وتێگەیشتن و پسپۆریان پێناسەیان کردووە . بۆ نموونە (جۆن لاینز) دەڵێت :ـ ئەو زانستەیە ، کە لێکۆلینەوەلە واتا دەکات ، هەروەها( پێرجیرۆ) پێی وایە واتاسازی برتییە لە دیراسەکردنی واتای وشەکان ، یان (لیرا ) دەڵێت :ـ واتاسازی ئەو زانستەیە ، کە واتای وشەکان ، ڕستەکان ، ئاخاوتن دیراسە دەکات .

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ ، کە واتا :

١- ڕەنگدانەوەی بیرە.

٢- ئاستێکی پێکهێنەری زمانە .

٣- هێما زمانییەکان گەیەنەری واتان .

٤- هێماکان بە تەنها واتا گەیەن نین ، بەڵکو ڕیزبەندی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس بەشداری ئەو ئەرکە دەکەن پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت ، هەموو ئەو پێناسانەی کە دەربارەی واتاسازیی پێشکەش کراون ، لە خالێك یەك دەگرنەوە ئەویش (لێکۆڵینەوەیە لە واتا).

## هێماسازیی : Semiology( هێمالۆژی )

زانایان بەتایبەتی زانایانی مەنتیق لە ژێر ناونیشانی سیمۆتیکس semiotics ئاماژەیان بۆ هێماسازی کردووە ئەمە کەی بووە؟ سەدەیەك پێش سوسێر بووە ، ڕاو بۆچوونیان خستۆتە ڕوو ، هەروەها زیاتر بایەخیان بە لایەنی مەنتیق داوە .بەڵام سوسێر یەکەم کەس بووە کە لە تێروانینێکی زمانییەوە بایەخی بە هێماسازیی داوە ، بەتایبەتی هێماکانی زمان ، دیارە ئەمەش لە بەرهەمەکەیدا (( چەند وانەیەك لە بارەی زمانەوانی گشتی)) بەوە باسی کردووە .

زاراوەی هێما بنەمای سەرەکی هێمالۆژییە ، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ، کە هێماکان بە ڕێککەوتنی کۆمەڵ دێتە ئاراوە بۆ شتەکانی دەوروبەر و بەکارهێنانیان بۆ پرۆسەی پەیوەنکردن و لەیەکترگەیشتن لە نێوان مرۆڤەکان. کەواتە هێماکان بەکۆمەڵەوە بەندە و ڕێککەوتنی کۆمەڵیش سەنگی مەحەکە بۆ بەکارهێنانی هێماکان.

پێناسەی سیمۆلۆجی : *ئەو زانستەیە کە لەهەموو جۆرەکانی هێما دەکۆڵێتەوە لەوانەش هێماکانی زمان* .

بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی هێماسازیی *بریتییە لە زانستی تێگەیشتنی واتای هێماکان ، زمانیش بەشێکی ئەم زانستە دەگرێتە خۆی* .

## هێما Sing :

مەبەست لە هێما چییە؟ هەر شتێك گوزارشت بۆ شتێکی جیا لە خۆی بکات هێمایە . واتە شتێك کە بیری مرۆڤ بەرەو شتێکی جیا لە خۆی ڕابکێشێت ، ئەوە هێمایە . هێما بەندە بە پێکهاتن و ڕێککەوتنی کۆمەڵ و بە بریاری کۆمەڵەوە دێتە کایەوە ، ئەوواتاییەی کە دەدرێتە پاڵ هێما لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆڕێت .

جۆرەکانی هێما : بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆرە هێما دەستنیشانکراون ، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- **هێمای وێنەیی:** دەبێت لێکچونێك لە نێوان فۆرمی وێنەکە و چەمکی هێماکەدا هەبێت . وەك وێنەی روخسارێك بکێشی، کە شێوەی خاوەنەکەی نیشانبدات.

٢- **هێمای ئاماژەیی:** هەر هێمایەك ئاماژە بۆ واتایەك بکات بە جۆرێك پەیوەندییان بە یەکەوە هەبێت ، واتە کاتێك کە لە نێوان چەمك و هێماکەدا پەیوەندییەکی لۆجیکی هەبێت .واتە هێما و چەمك پێکەوە وابەستەی یەکتر بن ، هەروەها ببن بە تەواوکەری یەکتر، دووکەڵ دەبێتە هێما بۆ ئاگر ، شوێن پێی مرۆڤ دەبێتە هێما بۆ کەسێك .

٣- **هێمای بە ئارەزوو:** لەنێوان نیشانەی ئارەزووەکە و چەمکی نیشانەکەدا پەیوەندییەك هەیە ، بەڵام ئەو پەیوەندییە لە رووی پێکهاتن و رێککەوتنەوەیە بۆ گەیاندنی پەیامێك یان نامەیەك کەتاکەکانی کۆمەڵ لەسەری رێککەوتوون ، وەك هێماکانی هاتوچۆ یان کۆتری سپی بووە بەنیشانەیەك بۆ ئاشتی ، هەڵکردنی ئاڵای سپی مانای خۆبەدەستدان تەسلیم بوونە .


## گرنگی هێماسازیی لە زماندا :

واتە ئەوەی کە مرۆڤ بەکاری دێنێت بۆ مەبەستی گەیاندن و لە یەکتر گەیشتن وەك سیستەمێك لەزماندا چۆن کار دەکات ئەم سیستەمەش بەندە بەتوانای داهێنان و بەکارهێنانی هێماکان .

دەشێ پرسیار بکەین هێما چەند رووی هەیە ؟ لەوەڵامدا دەڵێین هێما دوو رووی هەیە :

١-رووی یەکەم : ئەو ریزە دەنگەیە کە دەی بیستین ، هەندێ لەزمانەوانەکان بە فۆرم یان دەربڕین ناوی دەبەن .

٢-رووی دووەم : بریتییە لەو بیرەی کەلەمێشکی مرۆڤدا بەرانبەر بە ریزە دەنگەکە دەوەستێت ، ئەمەش بە ناوەرۆك یان واتا ناو دەبرێت. بەم جۆرە دەبینین لە زمانی کوردیدا ریزە دەنگێکی وەك ((دەزرێژ)) کە لە رێنووسی کوردیدا بە ((دەست رێژ)) دەنووسرێ. بەیەکگرتنی ئەم ریزە دەنگە لەگەڵ واتاکەیدا ﴿ تەقاندنی ریزێك فیشەك لە دوای یەك بە خێرایی﴾ هێمایەك دروست دەکەن.




## کورتەیەك لە بارەی مێژووی واتاسازییەوە :

سەرەتا : سەبارەت بە واتاسازیی و مێژوی سەرهەڵدانی ، ئەوە بەبیروبۆچوون و ڕوانگەی جیاجیا لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر ئەنجامدراوە . دیارە هەر زانستێك کە لێی کۆڵرابێتەوە وەکو مێژوو ئەو زانستە بۆ سەردەمی یۆنانیەکان (ئەفلاتۆن و ئەرستۆ) دەگەرێتەوە ، سەبارەت بە زانستی زمانیش هەر بە هەمان شێوەیە.

به پێی ئەو سەرچاوانەی کە باس لە مێژوی واتاسازییان کردووە ، بەمشێوەیە:

## هیندییەکان

زانای هیندی (پانینی )بە رابەری هیندییەکان دانراوە ،کەدەستوور و ڕێزمانی زمانی سانسکریتی لە لایەن ئەوە وە دانراوە ،ئەم بەرهەمەش وایکردووە یەکەم مێژووی لێکۆڵینەوەی زانستی زمان بۆ ئەو سەردەمە بگەرێتەوە ئەوەی کە لەو بەرهەمەدا پەیوەندی بە واتاسازییەوە هەیە ، ئەوەیە هیندییەکان ئاماژەیان بۆ گەلێ خاڵی گرنگ کردووە کە پەیوەندی بە واتاوە هەیە ، زانستی زمانی نوێ ئەمرۆکە دانی پێدا دەنێت و پشتی پێوە دەبەستێت لەوانەش

١ ـ گرنگی دەوروبەر ﴿ سیاق ﴾ لە ڕوون کردنەوەی واتادا ، کە واتا زیاتر لە دەوروبەردا دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە.

٢ ـ ئاماژەیان بۆ هاوواتا و هاوبێژی کردووە ، وەك دوو دیاردە لە زماندا باسیان کردووە .

٣ ـ باسی رۆڵی مەجاز(میتافۆر) و پێوانەیان کردووە ، کە چەند دەور دەبینن لە گۆڕینی واتادا .

## یۆنانییەکان:

فەیلەسوفە یۆناییەکان هەر لە کۆنەوە ، واتە بەدرێژایی مێژوو لە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەکانیدا باسی ئەو بابەتانەیان کردووە ، کە بە ناوەڕۆکی بابەتەکانی واتاسازی دادەنرێن ، بە تایبەتی ئەرستۆ باسی جیاوازی نێوان دەنگ و واتای کردووە ، هەروەها ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە کە واتا لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی هۆشی مرۆڤدا هاوتایە .

هەرچی ئەفلاتۆنە، ئەوە باسی پەیوەندی نێوان شتەکان و وشەکانی کردووە ، لێرەدا دەبینین دوو قوتابخانە بۆ لێکدانەوەی ئەو بۆچوونەی ئەفلاتۆن سەری هەڵداوە .

١- قوتابخانەی یەکەم ﴿ قوتابخانەی پێوانەیی﴾ ە ، کە (ئەرستراخۆس ) ڕابەرایەتی دەکرد ، ڕاو بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە ئەوەبوو ، کە پەیوەندی نێوان شتەکان و وشەکان پەیوەندییەکی باوی (عرف) ڕێکەوتنە

٢- قوتابخانەی دووەم ﴿ قوتابخانەی ناوێزەکان ﴾ ە ، کە ( کراتیس ) ڕابەری ئەم قوتابخانەیە بوو ، پێیان وابوو کە پەیوەندی نێوان شتەکان و وشەکانیان بە پەیوەندیەکی سروشتی پێویست دادەنا .

## عەرەبەکان:

ئەوەی ڕاستی بێت زانایان عەرەب شتێکی ئەوتۆیان پێشکەش نەکردووە لەبارەی واتاوە ، کە پەیوەندی بە لێکۆڵیتەوە و توێژینەوەی زانستییەوە هەبێت، یان بابەتەکانی واتای تێدا باس کرابێت ، بەلاّم لە بابەتەکانی ﴿ صرف و نحو﴾ ی عەرەبیدا گەلێ بەرهەمیان پێشکەش کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا زانایانی عەرەب هەندێ فەرهەنگی تایبەتیان داناوە ، کە پەیوەستە بە بابەتەکانی واتاوە ، وەك ئەو فەرهەنگانەی کە لەبارەی هاوواتاوە دانراون ، لەگەڵ ئەو فەرهەنگانەی کە تایبەت بوون بە وشەکانی هاوبێژی و فرەواتا لە زمانەکەدا .

**واتاسازی لە ئەوروپا:**

کەی واتاسازی لە ئەوروپا سەری هەڵدا؟ لە وەڵامدا دەڵێین لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم کە ڕێبازێکی زانستیانەی گرتە خۆ ، ، باس یان ئاماژە بە هەندێك لە زانایانی ئەورووپی دەکەین:ـ

سەرەتا ﴿ماکس مۆلێر﴾ ، بەرهەمەکانی چین؟ و پەیوەندییان بە چییەوە هەیە؟دوو بەرهەمی پێشکەش کردووە (زانستی زمان ) وزانستی بیر)، پەیوەندیدییان بە زمان وبیرو واتاوە هەیە، بەڵام ناوی واتاسازی نەهێناوە ، ڕێبازەکەی ئەم زانایە زیاتر لە گریمانە نزیك بووە ، نەك ڕاستییەکی زانستی .

دواتر زانای فەرەنسی ﴿ میشێل بریل﴾کە زمانەوانێکی فەرەنسی یە . گرنگییەکی زۆری بە واتای وشەکان داوە ، بە تایبەتی ئەو وشانەی کە لە لە زمانە کۆنەکاندا هەیە .

ئینجا دوای ئەمانە دیارترین کار لەم بوارەدا پێشکەش کرابێت، بەرهەمە نایابەکەی زمانەوانی سویدی ﴿ ئەدۆلف نۆرین ﴾ ە ، کە بەناونیشانی ﴿ زمانەکەمان ﴾ ە ، بەشێکی زۆری ئەم بەرهەمەی بۆ لێکۆڵینەوەی واتا تەرخان کردووە

یەکەم : لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی ، کە چەندین نموونەی هەمە جۆر و جیاوازی لە زمانی سویدی نوێدا تێدا چارەسەر کردووە .

دووەم : لێکۆلینەوەی ئیتمۆلۆجی ، واتە لێکۆڵینەوە لە ڕەچەڵەکی وشەکان ، کە بە درێژایی مێژوو باس لە گەشەی زمان دەکات .

دوای ئەم ماوەیەش لێکۆڵینەوە واتاسازییەکان پەرەی سەند و بەردەوام بوو ، سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم بە گرنگترین قۆناغ دادەنرێت لە مێژووی واتاسازیدا ، بۆ؟ لەوەڵامدا دەڵێین : ١- چونکە گەشە و پەرەسەندنێکی زۆری بە خۆیەوە بینی .

٢- لەو ماوەیەدا زانایەکی بەناوبانگ بە ناوی ﴿ ئۆڵمان ﴾ چەند بەرهەمێکی دەربارەی واتاوە پێشکەش کردووە

٣- هەوڵی ئەوە درا، کە واتاسازی لە لایەنە فەلسەفیەکەی دوور بخرێتەوە، بهێنرێتەوە ناو لێکۆڵینەوەکانی زانستی زمان.

هەر لەم قۆناغەدا واتاسازی وەك زانستێکی نوێ خۆی دەرخست لەسەر دەستی دوو زانا ﴿ ریچاردز و ئۆگدن ﴾ ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٢٣) دا بەرهەمێکیان لە ژێر ناوی ﴿واتای واتا﴾ پێشکەش کرد .

دیراسەکردنی واتا لای سوسێر ، ئەوە سوسێر جیاوازی لە نێوان دووشت کردووە ئەو شتانەچین؟ بریتین لە :ـ

١ ـ بەهای زمانی وشەکە .

٢ ـ ئەوەی پێویستە یان مەبەستە لە وشەکەدا نیشان بدرێت .

بەلای سوسێرەوە کەی دەگەینە بەهای زمانی وشەکە ؟

بۆ ئەم مەبەستە دەڵێت : ﴿ پێویستە تیشك بخرێتە سەر دوو كەرەستە بۆ ئەوەی بگەینە بەهای زمانی وشەكە ، كەرەستەكانیش بریتین لە بیر و وێنەی بیستن ، واتە وشە دوو دیوی هەیە ، كە بریتین لە فۆرم و ناوەڕۆك.

واتای وشە بە لای سوسێرەوە چییە؟

واتای وشە بریتییە لە پێكبەستنەوەیەكی ئاڵوگۆڕ لە نێوان وێنەی بیستنەكە ( وشەكە ) لەگەڵ ئەو بیرەی ، كە پێویستە وێنەكە وەری بگرێت ، لەبەر ئەوە دەبینین وێنەی بیستنەكە ( وشەكە) دەبێتە هێمایەكی زمانی ، كە گوزارشت لە بیرە زمانییەكە دەكات . سەبارەت بە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە بارەی واتاشەوە لە ئەمریكا دا بایەخێكی زۆریان بە لێكۆڵینەوەكانی واتاسازی داوە ، شایانی ئاماژە پێكردن بێت ئەوەیە: ئەوانەی لەم بوارەدا لە واتایان كۆڵیوەتەوە زمانەوان نەبوون ، بەڵكو زانایانی ئەنترۆپۆلۆجی و دەروونناسەكان بوون .


ئەوانەی پێشوو باسكران زیاتر دەچنە خانەی لێكۆڵینەوەی مێژوویی ، پاش ئەوە لێكۆڵینەوەی واتا ڕێبازێكی تری بە خۆوە بینی ، ئەویش ڕێبازی وەسفی بوو ، بیروبۆچونی ڕێبازی وەسفی سەبارەت بە واتا چییە؟ بە بیروبۆچوونی ئەم ڕێبازە ، واتا دەورە گرنگەكەی كە وشەیە ، دەبێ لە كاتێكی دیاریكراو و لە زمانێكدا ببینێ .

پاش ئەوە قوتابخانەی ڕۆنانكارییەكان سەری هەڵدا ، بلۆمفیلد بە ڕابەری ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت ،بە بیروبۆچوونی بلۆمفیلد دیراسەكردنی واتا بە لاوازترین خاڵ دادەنرێت لە دیراسەكردنی زماندا ، هەر بۆیە دەڵێت : باشترە بواری زمان بە شتێك دیاری بكەین تاقیبكرێتەوە و بپێورێت ، هەرچی لە واتاسازیدایە ئەو یاسایانە ناكرێن بەو شێوە رێك و پێكە دابنرێت ، وەك لە دەنگسازی و ڕستەسازیدا هەیە ، بۆچی ؟ چونكە مرۆڤ بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ ناتوانێت كۆنترۆڵی یان سەرنجی وشەكان و واتاكانیان بكات .

## چۆمسكی

چۆمسكی لە كتێبەكەیدا ( ڕۆنانە سینتاكسییەكان) قۆناغێكی نوێی هێنایە ناو لێكۆڵینەوەكانی زانستی زمان . پاشان لە كتێبی ( هەندێ لایەنی تیۆری سینتاكسی) دا بە شێوەیەكی ڕوون و دیار پەیوەندی واتایی بە سینتاكسەوە دەستنیشانكرد ، هەروەها توانی ڕستەكانی زمان لە ڕووی واتاوە لێكبداتەوە ، واتە پاش ڕۆنانكارەكان چۆمسكی توانی گرنگدان بۆ دیراسەكردنی واتا بگەڕێنێتەوە ، بەتایبەتی لە واتاسازی ڕستەدا، ئەمەش بوو بە یەكێك لە سێ پێكهێنەرەكانی زمان ( پێكهێنەری فۆنۆلۆجی ، پێكهێنەری سینتاكسی ، پێكهێنەری واتایی )

هەروەها ئاماژەی بەوە كردووە ، كە پەیوەندی نێوان دەنگ و واتا پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵكو ئەو دەنگانە دەبێت ، بە ئاستێكی دیكە تێپەڕن ، كە ئاستی ڕێزمانە ، واتە ئەو دەنگانە بە پێی دەستوور و یاسا لێكدەدرێن ، لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا بۆ پێكهێنانی وشە و مۆرفیمەكانی زمان ، هەروەها وشەكان لە ئاستی سینتاكسدا لێكدەدرێن بە مەبەستی پێكهێنانی گرێ و ڕستەكانی زمان ، كە هەر یەكێك لەو یەكانە (وشە وگرێ و ڕستەكان) بە پێی ڕێساكانی ئەو زمانە واتا وەردەگرن .



## یەکەی واتایی

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ،هەر ئاستێك لە ئاستەکانی زمان یەکەیەکی تایبەتی خۆی هەیە.بۆ نموونە فۆن لە دەنگسازیی ، فۆنیم لە فۆنۆلۆجی ،مۆرف لە وشەسازیی.. هتد. ڕای زانایانی زمان سەبارەت بە یەکەی واتایی چییە ؟ زانایانی زمان سەبارەت بە ناونان و پێناسە کردنی یەکەی واتایی لە ئاستی واتاسازییدا کۆك نین ، تەنانەی لە ڕووی بەکارهێنانی زاراوەکەش بیروبۆچونیان جیاوازە .

هەندێ لە زمانەوانان بە یەکەی واتایی ( Semantic Unit ) و هەندێکی تر بە سیمیم ناوی دەبن ، ( Sememe ) هەروەها زاراوەیەکی تریش هەیە بەناوی سیمانتیم Semantim ژمارەیەك سیمیم کە تایبەتییەکی واتایی کۆیان بکاتەوە سیمانتمێك پێك دێنێت ، بۆ نموونە ﴿بەردان﴾ بە واتای بەردانەوەی شتێك یان بە واتای خستنە خوارەوە یان بەرەڵلاکردن یان ئازادکردن دێت .

یەکەی واتایی لە واتاسازیدا بە ئاسانی دەستنیشان ناکرێت ، بۆ ؟ وەڵام :چونکە واتا لە هەموو ئاستەکانی زمان هەیە جگە لە دەنگسازی ، بەم پێیە ( مۆرفیم ، وشە ، گرێ ، ڕستە ، دەق ... هتد ) ئەمانە هەموویان واتایان هەیە . باشە کامیان لەمانە بە یەکەی واتایی دابنێین؟ لێرەدا بیرو بۆچوونی جودا دەربارەی دیاریکردنی یەکەی واتایی لە ئارادا هەیە ، هەندێ لە زمانەوانان ڕستە، هەندێکی دیکەش وشە بە گرنگترین یەکەی واتایی دادەنێن .

بەمەبەستی زیاتر دیاریکردنی سنووری ئەو یەکەیە ، دەکرێ بڵێین یەکەی واتایی: ـ

١ ـ ئەوەیە کۆمەڵێك سیمای جیاکەرەوە بە خۆیەوە دەگرێ ، واتەچەند سیفەتێکی جیا لە نێوان یەکەکاندا هەیە .

٢ ـ ئەوەیە کە هەر درێژە پێدانێکی قسەکردن (وتە) کە ببێتە هۆی جیاوازی لە واتادا ، واتە هەر درێژە پێدانێکی ئاخاوتن لە ئاستی فۆنیمەوە تاکو دڕکاندنی (وتە) جیاوازی لە واتا دا دروست بکات.

## جۆرەکانی واتا

چەند جۆرێك لەدابەشکردنی واتا دەسنیشانکراوە ، بلأوترینیان دابەشکردنەکەی ( لیچ) ە ، بەمشێوەیە :ـ

### ١- واتای هۆشەکی یاخود بنچینەیی

سیماکانی چین؟

١- ئەم جۆرە واتایە بە هۆیەکی سەرەکی دادەنرێ بۆ لەیەکترگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لە ناو کۆمەڵ .

٢- مەرجی سەرەکی بۆ بەدیهێنانی ئەم جۆرە واتایە ئەوەیە، کە دەبێ قسەپێکەرانی زمانەکە لەسەر واتاکە لە ناو خۆیاندا ڕێك بکەون بۆ ناونانی ئەو شتە بەو واتایە ، بۆ نموونە کە دەڵێین ﴿کوڕ ، ژن ، پیاو ، مەڕ ... هتد ﴾ هەموو کۆمەڵ دەزانن واتاکانیان چییە و بۆچی بەکاردێن.

٣-ئەم واتایە لە فەرهەنگدا پشتی پێدەبەسترێت و لە هەموو زمانێکدا وەك یەك وایە و خاوەن ڕۆنانێکی ڕێك وپێکە ، دەشێ بە ئاسانی لەگەڵ ڕۆنانی ئاستەکانی دیکەی زماندا بەراوردی بکەین ، بەتایبەتی فۆنۆلۆجی و و سینتاکس ، ئەمەش بەهۆی سیمای جیاکەرەوە دەستنیشان دەکرێت،.

سەبارەت بە واتای هۆشەکی وشەی ﴿پیاو ﴾ یان ﴿مەڕ﴾ دەشێ لە ڕێگەی سێ تایبەتمەندییەوە بناسرێنەوە :

پیاو > + مرۆڤ + هەراش + نێر.

مەڕ > + ئاژەڵ + هەراش + مێ .

ئەو سیمایانەی کە تایبەتن بە پیاو یان مەڕ واتای هۆشەکی پێکدەهێنن بۆ هەردوو وشەکە لە ناو کۆمەڵ و لە هەموو شوێنێکدا وەکو یەکن ، واتە نەکۆڕ و چەسپاون .

٤- واتای هۆشەکی نەگۆر و چەسپاوە .

٥- واتای هۆشەکی جۆرێکی سەربە خۆیە .

## ٢ – واتای بابەتی

ئەم جۆرە واتایە پەیوەندی بەمەبەستی قسەکەرەوە هەیە ، واتە پەیوەندی بە خودی قسەکەرەوە هەیە ، واتە لە ژێر کۆنترۆلی قسەکەر دایە ، بۆ نموونە :

١ ـ ئارام کتێبەکەی برد . دەتوانرێ بەم شێوەیەش ڕێز بکرێ ، ٢ ـ کتێبەکە ئارام بردی .

لە ڕستەی یەکەمدا قسەکەر جەخت لەسەر ﴿ ئارام﴾ دەکات ، کە کتێبەکەی بردووە ، نەك کەسێکی تر ، لە ڕستەی دووەمدا جەخت لەسەر ﴿کتێبەکە ﴾ دەکات ، کە براوە ، نەك شتێکی تر.

هەندێجار ئەم واتایە لە خودی وشەکاندا بەدی دەکرێن، وەك(کڕین وفرۆشتن ، دان و وەرگرتن )

بۆ نموونە : ـ

١ ـ شاناز خانووەکەی بە شیراز فرۆشت .

٢ ـ شیراز خانووەکەی لە شاناز کڕی .

## ٣ ـ واتای بارکراو

واتای بارکراو دابەشکراوە بۆ :

أ ـ واتای لاوەکی : سیماکانی چین؟

١- واتایەکی جێگیر نییە ، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ، یان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆرێت .

٢- واتای لاوەکی بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری و داب و نەریتی کۆمەلأیەتی ، هەروەها بەپێی تێپەڕبوونی کات دەگۆرێت ،

بۆ نموونە وشەی (جوولەکە ) :

ئەو کەسەیە سەر بە ئایینی جووە ، ئەمە واتای هۆشەکی وشەکەیە ، بەڵام واتای لاوەکی بۆ جوولەکە ﴿ ترسنۆك ، ڕەزیل ، دەوڵەمەند ...هتد ) یە ، هەروەها وشەی (مەڕ) بەم شێوەیە دیاری دەکرێت : ـ

مەڕ > + ئاژەڵ + هەراش + مێ ... واتای هۆشەکی

مەڕ > + گێژ + بەستەزمان + فەقیر و بێدەنگ ... واتای لاوەکی

٣- لەوانەیە ئەو واتایە بۆ مەبەستی تریش بەکاربێت، واتە لە بواری واتایی خۆیان لابدرێن و لە بواری تردا بەکاریان بێنین

٤- مەرج نییە هەموو قسەپێکەرانی زمانەکە لەسەر جۆری واتای لاوەکییەکەی ڕێکبکەون .

٥- بەشێکە لە واتای بارکراو ،واتە جۆرێکی سەربەخۆ نییە ،وەك واتای هۆشەکی.

## ب ـ واتای شێوازی

ئەم جۆرە واتایە بەشێك لە زمانەکە لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت ، واتە بە پێی بارودۆخێکی کۆمەلآیەتی ئەو کەسانەی بەکاری دەهێنن، یان ئەوانەی کە سەر بە ناوچەیەکی جوگرافی ئەو زمانەن ، یان جۆرێکی تری ئاخاوتن ، کە پەیوەندی بە قسەکەر و گوێگر ،یان بە پلەوپایە و جۆری زمانەکە دیارە زمانیش جۆری هەیە، وەك زمانی فەرمی، زمانی ئەدەبی ، زمانی یاسا، زمانی زانست ... هتد . ئەمانە بەپێی بارە کۆمەلآیەتی و بۆنە وئاست وچینەکانی کۆمەڵ دەگۆڕێت ، بۆ نموونە : ـ

وشەی (دایك) لە کۆمەڵگەیەکی کوردەواری وەك گوندەکانی دەوروبەری هەولێر(هۆدە) بەکار دێنن،بەلام لە چینی مامناوەند (دایە) یان (دایکە) بەکاردێنن

## ج ـ واتای دەروونی

ئەم جۆرە واتایە بەندە یان بەستراوە بە چی؟ وەلآم : بەستراوە یان بەندە بە باری دەروونی ئەو کەسانەی بەکاری دەهێنن .

سیماکانی چین ؟ ١- زیاتر ئەو واتایە دەگرێتەوە ،کە لای تاکە کەسێك دروست دەبێت بەرامبەر بە وشەکە .

٢- کەسایەتی قسەکەر دەردەخات . ٣- ئەم جۆرە واتایە( خودی)یە و گشتی نییە و لە ناو کۆمەڵگادا بلآو نابێتەوە .

کەی واتاکەی بەدیار دەکەوێت ؟ وەلآم : کاتێك واتاکە ئاشکرا و روون دەبێتەوە لە قسەکردنی ئاسایی رۆژانەدا ئەو کەسەی بەکاری دێنێت . یان لە نووسینی ئەدیب و شاعیران لە شیعرەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە ، بێگومان ئەمەش بە پێی ئاسۆی بیری شاعیر یان ئەدیب دەگۆڕێت

## د ـ واتای ئیحائی ( ڕەنگدانەوە)

ئەجۆرە واتایە پەیوەستە بە چی؟ وەلآم : ئەم جۆرە واتایە پەیوەستە بەو وشانە وە ، کە توانایەکی تایبەتیان بۆ و ئیحا کردن هەیە . واتە فۆرمێك واتاکەی بارکراوە لە واتایەکی هۆشەکی دیاریکراو لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو وشەیە لە باری تردا ، بە شێوەیەك گوێمان لە یەکێکیان بێت ئەویترمان بیر بێتەوە ، بۆ نموونە ﴿ هەڵهەڵەی ژنان﴾ ئیحاکردنە بۆ خۆشی ، ﴿فیکەی شوان﴾ ئیحاکردنە بۆ بانگکردن .

﴿ ئۆلمان ﴾ سێ جۆر کارتێکردنی بۆ واتای ئیحائی دیاری کردووە ،کە بریتین لە: ـ

١ ـ كاريگەری دەنگی .

٢ ـ كاريگەری مۆرفۆنۆلۆجی .

٣ ـ كاريگەری واتايی .

به بۆچوونی ﴿ليچ﴾ جۆرێكی تر دەچێته ناو ئەم جۆره واتايه كه بەReflected Meaning ناوی دەبات ،واته ڕەنگدانەوە (انعكاس) ئەمەش زياتر له حاڵەتی فرەواتادا سەرهەڵدەدات ، واتای رەنگدانەوە بە زۆری له و وشانەدا دەردەكەوێت كه حەزيان لێناكرێت يان مەترسيان لێ دەكرێت .

ئەم وشانەش له زماندا به وشەی تابو Taboo Words ناودەبرێن ، وەك : ـ

مردن .......... ئەمری خوای كرد

سەرەتان ...... دەردە پيسەكە

جن ....... لەمە چێتر

## چەمك و پێناسەی واتا

ئەگەر پێناسەی واتا بكەين ، دەڵێين زۆرجار له پێناسەكردنی زماندا ئاماژە بەوە كراوە : ﴿زمان واتايە وخراوەتە ناو دەنگەوە ﴾ ، هەندێ جار له ڕووی زمانەوە دەڵێين: واتا ئەوەيە،كه مەبەستی شتێك بگەيێنێت، يان واتا ئەو چەمكەيە كه ئێمە لێی تێدەگەين ، يان واتا ئەو هاندەرەيە ،كه له بيردا بەرامبەر به دياردەيەك دەوەستێت .

ئەوەی واتای هەبێت چييە؟وەڵام : ـ ئەوەی كه واتای هەيە،بريتييە له ١- وشەكان﴿هێما سادەكان﴾ ،٢- ﴿هێما ناسادەكان﴾ گرێ و ڕستەكان

سەبارەت به پێناسەی واتا ، ئەوە هەندێ له زمانەوانان بەم شێوەيە پێناسەی واتايان كردووە :

***ئۆلمان*** : چۆن پێناسەی واتا دەكات ؟ دەڵێت واتا بريتييە له پەيوەندييەكی ئاڵوگۆڕی نێوان وشە و هێمابۆكراو ، ئەم پەيوەندييە وايان لێدەكات ، كه هەردەم پێويستيان بەيەكتر هەبێت .

ئەوەی لەم پێناسەيەدا بەدی دەكرێت ، ئەوەيە پەيوەندی نێوان وشە و واتاكە پەيوەندييەكی وێناكردنی هۆشەكييە، هەروەها له نێوان هێما وهێمابۆكراودا پەيوەندييەكی پێويستی هۆشەكييە . واته تەواوكەری يەكترن .

## پێناسەكەی ڕيچاردز و ئۆگدن

ئەم دوو زمانەوانە چۆن دەڕواننە واتا؟ وەڵام : له چوار كەرەستەی جوداوە دەڕواننە واتا ﴿ مەبەست ، هەست پێكردن ، بيرۆكە ، هێما بۆكراو ﴾

به بیروبۆچوونی ئەوان واتای وشە کاتێ دەردەکەوێت یان دەبینرێت ، کە لە هێماکاندا بەرجەستە دەبێت ، واتە کاتێ لە سیاقی جیاجیادا دادەنرێت یان بەکاردەێنرێت .

سەبارەت بە پێناسەکەی بلومفیلد بەم شێوەیە پێناسەی واتا دەکات : بریتییە لەو هەڵوێستە ی کە ڕووداوێکی زمانی دیاریکراوی تێدا ئەنجام دەدرێت ، لەگەڵ ئەو کاردانەوەیە یان وەڵامدانەوەیەی کە لە ڕووداوە زمانییەکەدا لە خودی گوێگر پەیدا دەبێت یان دروست دەبێت . پێناسەکە لە ڕوانگەیەکی ڕەوشتییەوە دەڕوانێتە واتا ، کە لەسەر بنەمای وروژاندن (مثیر) و وەڵامدانەوە ( استجابە) بنیات نراوە .

تێڕوانینی فێرس سەبارەت بە واتا چییە؟دەڵێت : ـ واتا بریتییە لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی ئاڵۆز .

ئەم پێناسەیەی فێرس بۆ واتا لەوانەیە لە هەموو پێناسەکانی دیکە دروست تر بێت ، چونکە لە تێڕوانینێکی زمانییەوە دەڕوانێتە واتا .

## بۆچوونەکانی واتا

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ ،زمانەوانەکان ـ بە تایبەتی زمانەوانە ئەوروپییەکان خاوەنی گەلێك بۆچوونن دەربارەی لێکدانەوەی واتا ،لەوانەیە ئەم بۆچونانە بنەماکانیان لە سەرچاوەیەکەوە سەری هەڵدا بێت ،دواتر لق و پۆپی دیکەی لێکەوتۆتەوە .


لێکۆلینەوەکانی تایبەت بە واتا پەیوەندییان بە چییەوە هەیە؟وەڵام : ـ پەیوەندییان بە لایەنەکانی بیر و دەرونەوە هەیە. هەوڵ دەدەین باس لە هەندێ لەو بۆچوونانە بکەین: ـ

## یەکەم: بۆچوونی هێمایی

ئەم بۆچونە چۆنە؟ ئەم بۆچوونە سادەترین بۆچوونە بۆ لێکدانەوەی واتا .بۆ ؟ چونکە لە هەموو بۆچوونەکان ڕوون و ئاشکراترە . ئەگەر چی لەوان دروست تر نییە .

ئەم بۆچونە لەلایەن کێیەوە خراوەتە ڕوو؟ سەرەتا ئەم بۆچونە لە کتێبی واتای واتادا بەرچاو دەکەوێت .ئەم بۆچوونە لەلایەن ﴿ ڕیچاردز وئۆگدن﴾ پەرە ی پێدراوە .

ئەویش بە هۆی خستنە ڕوو سێگۆشەیەك ، کە بە سێگۆشەی واتایی ناودەبرێت ، تێیدا سێ کەرەستەی جیاوازییان بۆ واتا دیاریکردووە .




## مەبەست لە بۆچوونی هێمایی چییە؟

بۆچوونی هێمایی ئەوەیە ،کە واتای هەر وشەیەك هێما بۆ شتێك دەکات کە خۆی نییە ، لایەنگرانی ئەم بۆچوونە ،دوو بیروڕایان هەیە : ـ

ڕای یەکەم : وای بۆ دەچێت ،کە واتای وشە ئەوەیە ، کە هێمای بۆ دەکرێت .

ڕای دووەم :دەڵێ واتای وشە برتییە لە پەیوەندی نێوان دەربڕین و ئەوەی کە هێما بۆ دەربڕینەکە دەکات.

ئەوانەی ئەم بۆچونەیان داناوە دەڵێن : هیمابۆکراو دەبێ شتێکی هەست پێکراو بێت ، یان بیرێکی نابەرجەستە بێت . لەوانەیە هەندێجار ئاماژە بۆکراو دەستنیشان نەکرابێ ، هەروەك نموونە ﴿قەڵەم﴾ کە ئاماژە بۆقەڵەمێکی دیاریکراو ناکات ، بەڵکو هەر قەڵەمێك بێت ، چونکە ناوەکە گشتییە دەکرێ بەهەر قەڵەمێك بگوترێت قەڵەم ( قەڵەمی دار ، قەڵەمی مەرەکەب ،قەڵەمی جاف ) بۆیە لایەنگیرانی ئەم بۆچوونە پیشنیازدەکەن ، کە ئاماژەبێت بۆ جۆری قەڵەمەکان

## دووەم : بۆچوونی هۆشەکی : ـ

ئەم بۆچونە کەی سەریهەڵداوە ؟ لەلایەن کێیەوە خراوەتە ڕوو؟ چی دەڵێت ؟ وەڵام: سەرهەڵدانی ئەم بۆچونە بۆ سەرەتاکانی سەدەی (١٧) هەم . ئەم بۆچونە لە لایەن فەیلەسوفی ئینگلیزی (جۆن لۆك) خراوەتە ڕوو .

کە دەڵێت : ﴿ دەبێت بەکارهێنانی وشەکان ئاماژەیەکی ورد و ڕاستەوخۆ و ڕەنگدانەوەی بیرەکان بن﴾

ئەم بۆچونە چۆن دەڕوانێتە زمان ؟ وەڵام ١ - ئەم بۆچونە زمان بە هۆکارێك یان ڕێگەیەك دادەنێت بۆ گەیاندنی بیر.

٢- هەروەها ئەوەی واتایەکی تایبەت بە دەربڕینێکی زمانیی دەبەخشێت بریتییە لە بەکارهێنانی بەردەوامی دەربڕبینەکە ئەمەش دەبێتە نیشانەیەك (هێمایەك) بۆ ئەو بیرە تایبەتە .

بیرو ڕای هەندێ لە پەیرەوکەرانی بۆچونی هۆشەکی سەبارەت بە واتا چییە؟دەڵێن:

١- واتا بریتییە لە کۆمەڵە وێنەیەکی هۆشەکی ، کە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە ، بە وشە یان وتن دەنوێنرێن .

٢- یان واتا ئەو چەمکەیە کە بە هۆیەوە پرۆسەی تێگەیشتن ئەنجامدەدرێت .

بە پێی بۆچونی هۆشەکی وشە یان وتە کەی واتادار دەبێت؟دەڵێن وشە یان وتە کاتێ واتادار دەبێت ،کە وێنەیەك لە هزری قسەکەر یان گوێگر بە رانبەر بەو شتە دروست بکات. هەر بۆیە کاتێ دوو وشە هاوواتا دەبن ، ئەوە ئەو دوو وشەیە یەك وێنە یان هەمان وێنە لە هزردا دروست دەکەن .

## سێیەم : بۆچوونی ڕەوشتکاری

گرنگی و بایەخی بۆچونی ڕەوشتکاری چییە؟ وەڵام :

ئەم بۆچوونە گرنگی بە پێداویستیەکانی زمان دەدات لە پەیوەندیکردندا، بایەخ بەو لایەنانە دەدات، کە دەشێ بە ئاشکرا تێبینی بکرێ ، بەمەش لەگەڵ بۆچوونی هۆشەکی دا تەواو جیاوازە ، کە تەنیا خۆی بە بیر یان وێناکردن دەبەستێتەوە ئەم بۆچوونە لەسەر بنەمای میکانیکی نەك هۆشەکی دامەزراوە . تەواوی ڕۆڵی عەقڵ و زەین هزر ڕەتدەکاتەوە .

ئەم بۆچوونە لەسەر دوو چەمك بنیادنراوە:

١- وروژاندن (مثیر )

٢- وەڵامدانەوە ( استجابە )

به شێوەیەکی گشتی بۆچونەکە چۆن واتا لێکدەداتەوە ؟ بۆچوونەکە بە شێوەیەکی گشتی واتا وەك ڕەوشتێکی زمانی لێکدەداتەوە و واتا بە کار وکاردانەوە دادەنێت .

هەر بۆیە بەپێی بۆچونەکە وشە ئەو کاتە واتادار دەبێت کە کاردانەوەیەك بەجێبهێڵێت لە لای گوێگر .

**بۆچوونەکە بە گشتی لەسەر چەند بنەمایەك بنیاد نراوە :**

١- گومان کردن لە سەرجەم زاراوەکانی هزری مرۆڤ ،کە هۆشەکییەکان بەکاریان دەهێنا، وەك (بیر) و ( وێناکردن) و ( وێەی هۆشەکی ) ... تاد جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد دەبێت پشت بەوە ببەسترێت ، کە ڕاستەوخۆ سەرنجی دەدرێت واتە بە ڕەوشتی دەرەوە ، نەك بەو حالەتانە یان ئەو کردانەی کە لە ناوەوەن دیار نین ، وەك : درك ( ادراك) و هەست (احساس) و هەست ( شعور) .

٢- وەسفکردنی ڕەوشت لای ڕەوشتکارەکان بە جۆرێك لە وەڵامدانەوە دادەنرێت بۆ ئەو وروژاندنە کە لەو دەوروبەردا بوونی هەیە ، دەکرێ ئەمە لەم وێنەی خوارەوە نیشانی بدەین :

| | | |
|---|---|---|
| وروژاندن | ← | وەڵامدانەوە |
| (م) | | ئەنجامی هۆیەکە (س) |

بلومفیلد واتای هەر رووکارێکی زمانی بەم شێوەیە پێناسە کردووە و دەڵێت (( ئەو هەڵوێستەیە ، کە قسەکەر قسەکانی تێدا دەدرکێنێت ، لەگەڵ ئەو وەڵامدانەوەیەی ، کە پێویستە گوێگر دەربڕێت یان نیشانی بدات)) .

**<u>*چوارەم:* تیۆری سیاقی (دەوروبەر):</u>**

سەرەتا قوتابخانەی لەندەن ناسراوە بە مۆدیلی سیاقی، رابەری ئەم قوتابخانەیە( فێرس) ە ، فێرس چۆن دەڕوانێتە زمان ؟ وەڵام: لە روانگەیەکی سیاقی یەوە(دەوروبەر)ەوە دەڕوانێتە زمان ، هەروەها جەختی زۆری لەسەر ئەرکی کۆمەلایەتی زمان دەکرد . فێرس بەمشیوەیە واتا پێناسە دەکات ، واتا بریتییە لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی ئاڵۆز . دانانی بنەما سەرەکییەکانی ئەم بۆچوونە لەوەسفکردنی واتا دا بۆ کێ دەگەرێتەوە <u>بۆ زانای ئە نثرۆپۆلۆجی مالینۆفسکی</u> ، کورتەی بۆچوونی ئەم زانایە دەربارەی بابەتەکە چییە؟ ئەوەیە، <u>کە واتای ڕستەی لەو دەوروبەرە دیاریکراوەدا دەستنیشان دەکرێت ، کە ڕستەکەی تێدا دەردەکەوێت ( بەکاردێت ) .</u>

لێرەدا ، فێرس ئەو بیرۆکەی لە مالینۆفسکی وەرگرت و ڕەهەندێکی قوڵتری پێ بەخشی لەگەڵ ئەوەشدا وەکو چالاکیەکی کۆمەلایەتی دەیڕوانیە زمان .تیۆرەکەی فێرس سەبارەت بە زمان لەسەر چ بنیادنراوە ؟ <u>تیۆرەکەی فێرس سەبارەت بە زمان لەسەر بنچینەی پێك بەستنەوەی تاکە کەس بە کۆمەڵگاوە بنیادنراوە .</u>

لایەنگیرانی بۆچوونەکە ڕایان سەبارەت بە واتای وشە ئەوەیە ، کە ١- <u>واتای وشە بریتییە لە بەکارهێنانی لە زماندا</u> ،٢- <u>یان ئەو ڕێگەیەیە کە تێیدا بەکاردەهێنرێت</u> ،٣- یان <u>ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینێت</u> ، بۆ نموونە وشەی (دەست) لە فەرهەنگدا واتایەك دەبەخشێ ، بەلام کاتێك بەکاردێت ئەوە گیانی بەبەردا دەکرێت واتاکەی روون دەبێتەوە ، بۆ ئەم مەبەستە هەندێ پەندی پێشینانی کوردی بە نموونە دەهێنینەوە :

١- ***دەستێك*** نەتوانم بیبڕم ، ماچی دەکەم .

٢- ***دەستیان*** لە دەستە ، تۆیان مەبەستە .

٣- ***دەستی*** بڕیم .

لێرەدا وشەی (دەست) لە پەندەکانی پێشوودا ، چەند جارێك دووبارە بۆتەوە ، بەمەش واتای جۆراوجۆر و هەمەرەنگ وەردەگرێت بە پێی ئەو دەوروبەرانەی ، کە تیایدا بەکاردێن .

لە پەندی یەکەمدا بە واتای ﴿دەسەلآت﴾ دێت ، لە پەندی دووەمدا بە ﴿ پیلان﴾ و لە پەندی سێیەمدا بە ﴿فێل﴾ .

دەشێ بڵێین واتای وشە بریتییە لە ژمارەی بەکارهێنانەکانی،کە دەبێ جۆرە ڕێککەوتنێك لەسەر بەکارهێنان هەبێت .

چونکە کە دەڵێین وشە پاندە بە ڕێککەوتن لەسەر بەکارهێنان ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە یاسای دیار و ئاشکرا هەیە بۆ بەکارهێنانی ، چونکە بەکارهێنانی وشەکە بە پێی یاساکان وا دەکات واتای هەبێت .

لەلایەکی ترەوە بەبێ ئەم یاسایانە ناتوانرێ بەکارهێنانی دروستی وشەکەلە بەکارهێنانی نادروستی جیابکرێتەوە ، بۆ

نموونە : دزی گرت خەوی گرت ★ مێزەکەی شکاند پەرتوکی شکاند ★

هەڵی گرت بیری گرت ★ ڕۆژوەکەی شکاند هۆشی شکاند ★

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێکرا،تیۆرەکە لەسەر دوو بۆچوونی جیا بنیادنراوە کە برتین: ـ

<u>١- ڕێکەوتن لە بەکارهێناندا</u> <u>٢- یاساکانی بەکارهێنان</u>

بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، بۆچوونی دووەم پێچەوانەی یاخود ڕەتکردنەوەی بۆچوونی یەکەم نییە ، بەڵکو بە تەواوکەری بۆچوونی یەکەم دادەنرێت .

تیۆری سیاقی (دەوروبەر) لە هەموو بۆچوونەکانی تر جێگای ڕەزامەندی زمانەوانە هاوچەرخەکان بوو، بۆ ؟ چونکە لە سایەی ئەم بۆچوونەوە ، هەموو هێما جۆراوجۆر وجیاوازەکان دەگرێتەوە ، بۆ هەر هێمایەك کۆمەڵە یاسایەك هەیە بۆ گەیاندنی مەبەستەکە لەسەر ئەم بنەمایەش ئەو بابەتەی بەکارهێنانی یاسایەك لەو یاسایانە دیاری دەکرێت ،دەبنە ناونراوی هێماکە ( واتا ) ، ئەمەش چارسەری هەموو گرفتەکانی ئەو هێمایانە دەکات ، کە ناونراویان نییە ، هەروەها ئەوانەی یەك ناونراویان هەیە و هاو واتاش نیین .

بۆ نموونە بەر ناوەکان (لە ، بە ، بۆ ) لە فەرهەنگدا واتایان نییە ، لە بەکارهێناندا واتاکانیان دیاری دەکرێت ، وەك

ـ وێنەکەم بە دیوارەکە هەڵواسی .

ـ وێنەکەم بۆ دیوارەکە هەڵواسی . ★ واتە ناکرێ بەمشێوەیە بێت

بەلآم دەشێ بڵێین : ـ

ـ وێنەکەم بۆ منداڵەکە کڕی .

## <u>پەیوەندییەکانی واتای وشە :</u>

**مەبەست لە پەیوەندییەکانی واتای وشە : ئەو پەیوەندیەیەکە وشەیەك لەگەڵ وشەکانی تری زماندا لە ڕووی واتاوە بەیەك دەبەستێتەوە ، هەروەها بە پەیوەندی شوێنی ئاماژەی بۆ دەکرێت .**

**لە دەرکەوتنی وشە لە هەر ڕستەیەك لە ڕستەکانی زماندا پێویستە دوو جۆرە پەیوەندی ڕەچاو بکرێت : ـ**

**١ـ پەیوەندی ئاسۆیی (هاونیشنی) ( سینتاکسی) (رۆنان).**

**٢ ـ پەیوەندی ستوونی (جێنشنی)( مۆرفۆلۆجی) ( گۆڕینەوە ).**

**١ ـ پەیوەندی ئاسۆیی**

**مەبەست لە پەیوەندی ئاسۆیی : پەیوەندی ئاسۆیی برتییە لە پەیوەندی سینتاکسی نێوان وشەکان و گونجانیان لەگەڵ یەکتر لەسنوری ڕستەدا بەشێوەیەکی ئاسۆیی ، واتە کام وشە لەگەڵ کام وشە دەچنە پاڵ یەکەوە ، بۆ نموونە : ـ**

**دەتوانین کاری (مرد) لەگەڵ ( پیاو ) بەکاربهێندرێت ، بڵێین ـ پیاوەکە مرد . چونکە لەسەر تەوەری ئاسۆیی گونجاون بەڵام ناتوانین ، بڵێین ـ سەگەکە مرد . چونکە نەگونجانێك لە نێوانیاندا هەیە . بەڵکو دەبێت بڵێین ـ سەگەکە تۆپی هەروەها دەکرێ بڵێین ـ منداڵەکە نووست . بەڵام ناشێ بوترێ ـ بەردەکە نووست .دیسان ناکرێ بڵێین ـ منداڵەکە نووستن . چونکە ڕێکەوتن لەنێوان بکەر و کاردا نییە .بەڵکو دەبێ بوترێ ـ منداڵەکە نوست . کەواتە**

**گرنگی پەیوەندی ئاسۆیی لەوەدایە کە ڕستەی (دروست و نادروست ) دروست دەکات ، ڕستەی دروست : ئەو ڕستەیە کە کەرەسەکان لە ناوخۆیاندا ڕێکن واتە دوومەرجی تێدایە (ڕێزمانی ڕستە ) (پەسەندی واتا)٠**

**ڕستەی نادروست: ئەو ڕستەیە یە کە کەرەسەکان لە نێوان خۆیاندا نەگونجاو و نالەبارن٠**

**٢ـ پەیوەندی ستوونی :**

**ئەم جۆرە پەیوەندیە ،بریتییە لە پەیوەندی فەرهەنگی نێوان وشەکان و گۆڕینەوەی وشەیەك بە وشەیەکی تر لەسەر باری ستوونی بێ ئەوەی کار لە پەیوەندی ئاسۆیی ڕستەکە بکات و واتاکەی بشێوێنێ ، بۆ نموونە :**

**ئاریان کچێکی — جوانە / زیرەکە / ژیرە ( لێرەدا وشەکان ئاوەڵناون**

**لێرەدا وشەکە سەر بە یەك بەشی ئاخاوتنن ، کە ئاوەڵناوە ، هەروەها دەشێ ئەم جۆرە پەیوەندییە لە بەشەکانی ئاخاوتنی دیکە، وەك ( ناو ، کار ٠٠٠ ) هەبێت ، بۆ نموونە**

**سپییە — بەفر / شەکر / ماست / کاغەز ( لێرەدا وشەکان ناون )**

منداڵەکە — نووست / کەوت / ڕۆیشت ( لێرەدا وشەکان کارن) / سووتا

پەیوەندی ستوونی سوودی زۆرە وشەکانمان یۆ پۆلین دەکات وەك( ناوەکان ، ئاوەڵناوەکان ،ئاوەڵکار ٠٠٠)واتە دەکرێ زیاتر لە بەشێکی ئاخاوتن لە باری ستونیدا بگۆڕین . ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی ترەوە ئەم جۆرە پەیوەندییە هەموو جۆرە پەیوەندیەکان بۆ دروست دەکات وەك( هاوواتایی ،دژ واتایی ،گرتنەوە . .. تاد ) .

## دیاردەی هاوواتایی

چەمك و سنووری هاوواتایی

هاوواتایی وەك دیاردەیەك لە زماندا پەیوەندی بە چییەوە هەیە؟ دەڵێین وەك دیاردەیەکی زمانی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وشەکانەوە هەیە

زانایان زمان سەبارەت بە بوون ونەبوونی دیاردەکە بۆچوونی جیاوازیان هەیە ، دیارە هۆی ئەو جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ :ـ ١- ڕێك نەکەوتنیان لەسەر مەبەست و بیری هاوواتایی، بە تایبەتی لەسەر پێناسین و دیاریکردنی چەمکی تەواوی ئەم دیاردەیە . ٢- بوونی یان بەکارهێنانی ڕێبازی جیاواز لە دیراسەکردنی دیاردەکەدا .

ئینجا بۆ دەستنیشانکردنی مەبەستی تەواوی هاوواتایی سەرەتا دەبێ لەو دوو هۆیە رزگارمان بێت تا ئەنجامێکی روون و دیاریکراو بگەین.

بە پێوستی دەزانین ، چەند پێناسەیەکی هاوواتایی بخەینە ڕوو :ـ

هاوواتایی ئەوەیە دوو وشەی جیاواز بۆ واتایەك بەکاربهێنرێن .

هاوواتایی وەك زاراوەیەك بریتییە لەو وشانەی کە لە وتندا جیاوازن ، بەڵام لە واتادا یەکن.

هاوواتا بەو وشانە دەڵێن ، کە یەك مانا دەبەخشن ، یاخود واتاکانیان لێك نزیکە ، بەڵام لە خوێدنەوە و نووسیندا جیاوازن .

ئەگەر ئەو پێناسانە بکەینە پێوەر ، دەشێ ئەم وشانە لە کوردیدا بە هاو واتای یەکتر دابنێین. بۆ نموونە :

گەورە / زل ، ئومێد / ئاوات ، هێمن /ئارام ، شەر/جەنگ

دیارە پێناسەکانی پێشوو مەبەستەکانیان دەربارەی هاوواتایی لەیەکەوە نزیکە ، بێ ئەوەی سنوور و چەمکی دیاردەکە دەستنیشان بکەن ، بۆیە زانایان هەوڵیان داوە چەند بنەمایەکی تایبەت بۆ دیاردەکە هەبێ ، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەندێ دیاردەی تری زمانی تێکەڵ نەبن یاخود جیابکرێنەوە

ئەو دیاردە زمانییان چین لە زمانی کوردیدا بە هاوواتا دانانرێن؟

١- وشە لێكدراوەكان

بۆ نموونە : ـ

١ـ شۆخ وشەنگ          نەرم وشل          دار ودرەخت ٠٠٠٠هتد .

٢ـ رێك وپێك          رەق وتەق          نەرم ونۆل    ٠٠٠ هتد.

ئەو وشانەی بەرەودوای یەك هاتوون ، زیاتر بە مەبەستی دووپاتكردنەوە بەكاردێن، لە وشەكانی یەكەمدا پەیوەندی واتایی كۆیان دەكاتەوە ، هەرچی لە وشەكانی دووەمە پەیوەندی لەفزی ﴿دەربڕین﴾ ی وشەكان كۆیان دەكاتەوە .

ئاشكرایە ئەم وشانە لەگەڵ بیری هاوواتایی جیاوازییان هەیە ،بۆیە دەبێت بە هاوواتا دانەنرێن .

٢- ئەو وشانەی ،كە بە رێگەی میتافۆرەوە (مەجاز ) ەوە گوزارشت لە یەك واتا دەكەن ، پێویستە لە هاوواتایی لابرێن ، لەبەر ئەوەی میتافۆر نابێت بە هاوواتا هەتا واتا مەجازەكەی گۆڕانی بەسەردانەێت بۆ واتای دروستی وشەكە وەك :

هەژار ٠٠٠٠٠٠ دەست كورت

دیل ٠٠٠٠٠٠  دەست بەسەر / ژێر دەست

بە ئابروو ٠٠٠٠٠٠ داوێن پاك

٣-ئەو ڕستە و گرێیانەی ، كە وشەكان بەرەودوای یەك دەردەكەون و یەك مانا (واتا) دەبەخشن ، بۆنموونە : ـ

جادەكە پانە ٠٠٠٠٠٠٠ شەقامەكە بەرینە

بازنەكەی وون كرد ٠٠٠٠٠٠٠٠٠ دەستەوانەكەی بزر كرد

بالآی بەرزە ٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠ بەژنی بڵندە

بۆپێناسینی هاوواتایی لە زماندا ، ئەوا پێناسەكەی ئۆلمان پەسەند كراوە ، كە دەڵێت هاوواتایی ئەو وشانەن ، لە واتادا یەكن و دەتوانن لە شوێنی یەكتردا لە هەر دەوروبەرێكدا بێت ئاڵوگۆڕ بكرێن . بۆ پێناسەكەی ئۆلمان پەسەند كراوە ؟

وەلآم : لەبەر ئەوەی :

١ - دیاردەی هاوواتایی سنوورێكی دیاریكراوی دەبێت . ٢- ژمارەیەكی زۆر كەم لە وشەكانی زمان بە خۆیەوە دەگرێت .

<u>مەرجەكانی هاوواتایی</u>

لە زمانەوانی نوێدا بۆ دەستنیشانكردنی هاوتایی وشەكان ، چەند مەرجێكی سەرەكی دانراون ، پێویستە ڕەچاوە بكرێن مەرجەكانیش بریتین : ـ

١ـ رێككەوتنی تەواو لە واتادا

مەبەست لە رێككەوتنی تەواو لە واتا چییە؟ مەبەست لە رێككەوتنی تەواو لە واتا ئەوەیە: دەبێ وشەی هاوواتاكان بە تەواوی لە واتادا یەك بن ، بە تایبەتی لە بیر و هزری زۆربەی ئەو كەسانەی كە لە بیئەیەكی زمانییدا دەژین. واتە وشەكان لە واتای هۆشەكی و لاوەكیدا یەك بن .

٢ـ وشە هاوواتاکان لە بیئەیەکی زمانییدا سەریان هەڵدا بێت .

مەبەست لەم مەرجە ئەوەیە :ـ وشەکان سەر بە زارێك یاخود کۆمەڵە زارێکی یەکگرتووبن ، بە پێی ئەم مەرجە نابێت هاوواتایی لە زارە جیاواز ودوورەکانی زمانی کوردی تێکەڵ بە یەکتر بکرێن ، بۆ نموونە ناکرێ ئەم وشانە بە هاوواتایی یەکتر دابنرێن .

| زاری کوردی ناوەڕاست | زاری کوردی ژوورو | زاری کوردی ناوەڕاست | زاری کوردی خواروو |
| --- | --- | --- | --- |
| دڵسۆز | دلۆڤان | کورت | کول |
| ئامۆزا | پسمام | خراپ | گەن |
| گەورە | مەزن | بیستن | ژنەفتن |

کەواتە ئەم وشانە بە هاوواتای یەکتر دانانرێن چونکە لە یە ك بیئەی زمانیی سەریان هەڵنەداوەواتە دوو زاری جیاوازن

٣ـ سەردەمی دیاریکراوی وشەکان

بە پێی ئەم مەرجە ، پێویستە لەسەر بنەمای وەسفی بڕوانینە وشەکان ،واتە لە کاتێکی تایبەتی و دیاریکراودا سەریان هەڵدابێت و بەکاربێن.هەر بۆیە نابێت ئەو وشانەی لە کۆندا بەکارهاتوون و ئێستا باویان نەماوە لەگەڵ وشە نوێیەکانی زماندا تێکەڵ بکرێن و هاوواتاییان لێ دیاری بکرێت ، وەك :ـ

بووم / زەوی ، ئەرز ، ئەرد

پۆز / لووت

٤ ـ وشە هاوواتاکان لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانی دەنگی یەکتری ڕوویان نەدابێت.وەك :ـ

زەهر/ ژەهر جەرگ/ جگەر

سك / زگ بازار / باژێر

جۆرەکانی هاوواتایی :

هەندێ لە زمانەوانەکان سەبارەت بە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی هاوواتا ، جۆرەکانی واتا بەگرنگ دەزانن ـمەبەست لە جۆرەکانی واتا ـ واتای هۆشەکی و لاوەکی ـ یە ، وەك مێتودێك بۆ ئەوەی جۆرەکانی هاوواتا دیاری بکرێت .

هەروەها بەلای هەندێ زمانەوانی تر هاوواتایی پلەی هەیە ، واتە هەر کۆمەڵێك لە کەرەسە فەرهەنگییەکان ، دەشێ لە سەر پێواتەی هاوتابون وجۆری یەکچوون و جیابکرێتەوە ، واتە دەکرێ پلەیان بۆ دابنرێت .

هاوواتایی وەك دیاردەیەك لە زماندا لە چ بارێکدایە ؟ دەڵێین هاوواتایی وەك دیاردەیەك لە زماندا لە بارێکی چەسپاو نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی ڕێژەییە بە پێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردادێت،هەر ئەمەش وایکردووە ،کە پلەی جیاوازی بۆ دابنرێت .

سەرەڕای ئەو جیاوازییەی نێوان زانایانی زمان ، چەند جۆرێك لە هاوواتایان دەستنیشانکراوە ، لەوانە:

١ـ هاوواتای تەواو . ٢ـ هاوواتای ناتەواو . ٣ـ نیمچە هاوواتا .

**١- هاوواتای تەواو**

**کەی هاوواتای تەواو روودەدات ؟ وەڵام : کاتێ روودەدات دوو وشە یان زیاترهاوتابن لەگەڵ یەکتر ، هەروەها قسەکەرانی زمانەکەش هەست بە جیاوازی نێوانیان نەکەن لەکاتی شوێن گۆڕینیان لە ناو هەر دەوروبەرێکدا ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، واتە لە واتای هۆشەکی و ویژدانیدا وەك یەك بن.**

**ئەم جۆرە هاوواتایە لە زماندا زۆر کەمە ، ئەگەر هەشبێت ماوەکەی زۆر کورتە و کەم بەردەوام دەبێت ، لەگەڵ ئەوەشدا تا رادەیەك هەندێ وشە بە هاو واتای یەکتر دانراوە ، وەك:**

**کیژ ______ کچ**

**جێناو _____ ڕاناو**

**دەکرێ پرسیاری ئەوەبکەین سیماکانی هاوواتای تەواو چین؟ ١- وشەکان بە تەواوی هاوتای یەکترن ٢- لە واتای هۆشەکی و ویژدانیدا وەك یەکن ٣- بوونی لە زماندا زۆر کەمە ئەگەر هەشبێت ماوەکەی زۆر کورتە و کەم بەردەوام دەبێت .**

**٢- هاوواتای ناتەواو .**

**سیماکانی چین؟ سیماکاتی بریتین لە : ١- لە رووی واتاوە لەیەك نزیك دەبنەوە . ٢- ئاگاداری ئەو جیاوازییە وردانەی نێوانیان نین . ٣- لە زماندا زۆر بەدی دەکرێت ، بۆ نموونە**

**جوان ______ قەشەنگ**

**زەوی ______ خاك**

**نەوە ______ وەچە**

**٣- نیمچە هاوواتا .**

**واتای وشەکانی نیمچە هاوواتا چۆنە ؟ دەڵێن: واتاکانیان لە یەکەوە نزیکە ، بەڵام هەر وشەیەك بەلای کەمەوە لە سیمایەکی گرنگدا جیاوازی لەگەڵ ئەوی دیکەدا هەیە ، وەك:**

**شایی ______ ئاهەنگ**

**لۆقە ________ رۆینە**

## هۆکارەکانی پەیدابوون وهاتنەکایەی دیاردەی هاوواتای لە زماندا

**بێگومان زمان هەمیشە لە گەشەسەندن و گۆراندایە ، ئەم گەشەسەندن و گۆرانەش دەبێتە هۆی لەناوچوون و یاخود لە دایکبوونی هەندێ وشەی نوێ ، واتە زمان لە بارێکی چەقبەستوو دا نییە . ئینجا لە ئەنجامی دروستبوونی وشەی نوێ وا رێکدەکەوێت کە هەندێك لە وشە نوێیەکان ببنە هاوواتا بۆ وشە رەسەنەکان . زمانی کوردی وەك هەر زمانێکی تر چەند فاکتەرێکی بۆ هاتنە کایەی دیاردەی هاواتایی هەیە ، لە وانە : -**

**١- بوونی زار و شێوەزار**

دەشێ بڵێین بوونی زار و شێوەزاز هۆکارێکە بۆ لە دایکبوونی وشەی هاوواتا کە بۆ جیاوازی ئاستی لێکسیکی وشەکان دەگەڕێتەوە ، بە تایبەتی لە ناولێنانی شتەکان .بۆ نموونە

سەوز / کەسك جێشت / شیو پور / پلك فەرش /مافور گەلەك / زۆر ...تاد

**٢- گۆڕانی واتا**

ئاشکرایە گەشە وگۆڕانی واتا پەیوەندی بە سیمالۆجی و واتاسازیی مێژوییەوە هەیە ، گۆڕان لە واتا بەمەبەست یان بێ مەبەست دێتە کایەوە، لە لایەکی تر تەسك کردنەوە و فراوان بوونی واتا جۆرێکن لە گۆڕانی واتا.

**٣- خواستنی وشەی بێگانە**

وەرگرتنی وشە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بە رێگەی کارلێك کردن و نزیك بوونەوەیان لە یەکتر دەگەڕێتەوە بۆ گەلێك هۆکار( کۆمەلأیەتی ، رۆشنبیری ، ئاینی ،...تاد . لێرەدا مەبەست لە وەرگرتنی وشەی بێگانە تەنیا ئەو وشانەیە کە لە زمانەکەدا بەرانبەریان هەیە و هەمان واتا ومەبەست دەگەنن ، بۆ نموونە

ئەسیر= دیل ، تەلەبە = قوتابی= خوێندکار ، جواب = وەلأم ، تەیر = بالندە ، فەقیر = هەژار

**٤- بەکارهێنانی شێوازی جیاواز یاخود زاراوەی جیاواز**

هەر تاکێك شێوازێك یاخود چەند زاراوەیەك لە کاتی ئاخاوتندا بەکاردەهێنێت . دیارە بەکارهێنانی ئەو شێواز و زاراوانە ش بە پێی (کات ، شوێن ، بابەتی ئاخاوتن ،...تاد) گۆڕانی بەسەر دێت . بۆ نموونە ؛

بەرێز = رێزدار

ژن = هاوسەر = حورمێ = مەدام

جێناو = راناو = ناوئاسا

هۆنراوە = شعر

**دژواتا**

سەرەتا ئەوە دەڵێین دژواتا یەکێکە لە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکان . ئینجا پرسیاری ئەوە دەکەین مەبەست لە دژواتا چییە؟ یاخود پێناسەی دژواتا چییە؟

مەبەست لە دژ واتایی ئەوەیە ، لە واتاسازیی وشەدا بەو وشانە دەگوترێت لە مانادا بەرانبەر یەك دژ وەستاون .یاخود بریتییە لە دوو وشەی جیاواز ،کە دوو واتای جیاوازی دژ بەیەکیان هەیە .

کەواتە دژواتا وەك دیاردەیەکی دوو قۆلی پەیوەندی نێوان دوو شت ، یان دوو کەس نیشان دەدات ، کە بیری دژایەتی و بەرەنگارییان تێدایە .

دیارە ئەم پەیوەندییەش بەیەك شێوە لە ناو خۆیان دەرناکەون ، بەڵکو جیاوازی لە ناوخودی دژواتادا بەدی دەکرێ، هەر لەبەر ئەم هۆیەش ، بەسەر ئەم جۆرانە دابەشکراوە

**١- دژواتای تەواو (بێ پلە) (تەواو کەری)**

**تایبەتمەندییەکانی دژواتای تەواو چییە؟ وەلآم :**

**١- وشەکان دابەش دەکات ،کە لە نێوانیاندا پلە نییە ، واتە هەریەکەیان جەمسەرێك دەگرن ، ئەوەی لەم جەمسەرە نەبێت لە جەمسەرەکەی ترە . بۆ نموونە : نێر × مێ کوڕ × کچ زیندوو × مردوو**

**٢- نەرێکردنی یەکێك لە دژواتاکە پەسەند کردنی ئەوی تریانە. بۆ نموونە :**

**نەوزاد کچ نییە : ئازاد کوڕە هێشتا نەمردووە : بە واتا زیندووە**

**٣- ئەم جۆرە دژواتایە شتێکی دابڕە ﴿قطعي﴾ یە ، وەك : ئەو کەوە مێیە : واتە نێر نییە**

**٢- دژواتای ناتەواو (پلە دار )**

**تایبەتمەندییەکانی دژواتای ناتەواو چییە؟ وەلآم :**

**١- ناوچەیەکی بەراوردکردن لە نێوانیاندا هەیە . وەك : (گەرم) و (سارد) پلەیەکی تر دیاری دەکرێت**

**(فێنك) ..... هەوا ((شلەتێن) ........ ئاو**

**٢- ئەگەر لە ڕووی مەنتقەوە یەکمان نەفی کرد مانای پەسەندکردنی ئەویتریان ناگەیەنێت .**

**ئلسۆ تەمەڵ نییە ـــــ مانای ئەوە نییە کە زیرەکە. یاخود جوان × ناشیرین گەورە × بچووك**

**٣- ئەم جۆرە دژواتایە رەها نین ، بەڵکو ڕێژەیین ، واتە دژایەتیەکە دابڕ (قطعي ) نییە .**

**کراسەکە هەندێ تەسکە . کراسەکە زۆر تەسکە .**

**٣- دژواتای ئاراستە**

**ئەجۆرە دژواتایە لە ئاراستەکاندا بەدیدەکرێت ، واتە هەریەك لە وشەدژەکان ئاراستەکەی پێچەوانەی ئاراستەی وشەکەی دیکەیە . بۆ نموونە : ڕاست × چەپ بەرز× نزم دێت × دەڕوات**

**٤ ـ دژواتای فرە جەمسەر**

**ئەو وشانە دەگرێتەوە ، کە زیاتر لە جەمسەرێکیان هەیە ، وەك رۆژەکانی هەفتە و مانگەکانی ساڵ و رەنگەکان ... هتد ئەم جۆرە دژواتایانە لە ڕووی واتاسازییەوە پێی دەڵێن جیاوازی ، چونکە ئەگەر یەکیان رەتبکەینەوە ، مانای ئەوەنییە ئەویتر پەسەندکراوە ، چونکە کەرەسەی تری بەرامبەرە ، وەك رەنگەکان ، کاتێك دەڵێین :**

**ئۆتۆمبیلەکە سپی نییە . مانای ئەوەنییە رەنگی رەشە ، لەوانەیە سەوز یان سوور ،... هتد بێت .**

**هاوبێژی**

**لە بنەڕەتدا وشەیەکی یونانییە ، بە مانای هەمان گۆکردن دێت .هاوبێژی لای ئەوروپییەکان چۆن پێناسە کراوە ؟ لای ئەوروپییەکان هاوبێژی ئەو کۆمەڵە وشەیە ، کە هیچ پەیوەندییەکان بە یەکەوە نییە ، تەنیا لە ڕووی گۆکردنەوە نەبێت .**

ئۆلمان بەم شێوەیە پێناسەی هاوبێژی کردووە : ـ

ئەو وشانەن ، کە لە ڕووی شێوە و پێکهاتنەوە یەکن ، وەك ( See, sea )( Road , rode)

لێکۆلینەوە لە هاوبێژی لای ئەوروپییەکان و زمانی کوردی وەك یەك نین.بۆ؟ چونکە ئەوروپییەکان لێکۆلینەوەکانیان لە ڕووی وێنەی دەنگییەوە ئەنجامدەدەن ، بەلاَم لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی وێنەی نووسراوەوە دەبێت ، چونکە زمانی کوردی ڕێنووسی ڕێك وەك گۆکردنیەتی ، بە واتای ئەوە چۆن گۆدەکرێت ، هەر ئاواش دەنووسرێت .

بە شێوەیەکی گشتی پێناسەی هاوبێژی: بریتییە لەو وشانەی کە لە خوێندنەوە و نووسیندا وەکو یەکن،بەلاَم واتاکانیان جیاوازن. وەك : ـ

خاڵ : بە مانای برای دایك

خاڵ : بە مانای خاڵی ڕەشی سەر پێست

<u>جۆرەکانی هاوبێژی</u>

بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆر هاوبێژی دیاریکراوە ،کە بریتین لە : ـ

یەکەم : هاوپیت (هۆمۆگراف)

بەو وشانە دەگوترێت ، کە لە نووسیندا یەکن ، بەلاَم لە گۆکردندا جیاوازن ، بۆ ئەم مەبەستە هێز ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە ، وەك لەم وشانەدا دەردەکەوێت :

دوو ڕوو ١ : بە مانای ( منافق)

دوو ڕوو ٢ : بەمانای ( وجهان)

جووت ١ : بەمانای دووان

جووت ٢ : بە مانای کێلاَن

دووەم : هاودەنگ

ئەم وشانە دەگرێتەوە ، کە لە گۆکردندا لە یەك دەچن ، بەلاَم لە نووسیندا جیاوازن ، لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرەیان. بوونی نییە ، نموونە بۆ ئەجۆرە لە زمانی ئینگلیزیدا : Know/Now see /sea

سێیەم : هاوبێژی تەواو

ئەو وشانەن کە لە نووسین و گوتندا وەك یەکن ، بەلاَم واتاکانیان لێك دوورن ، بۆ نموونە :

تیژ ١ : خێرای زۆر

تیژ ٢ : تیژی چەقۆ

ئازار ١ : مانگی مارت

ئازار ٢ : ئێش و ئازار

## فرەواتا

پێناسەی فرە واتا ، ئەوەیە : وشەیەکە زیاتر لە واتایەکی هەیە ، بەڵام واتاکانیان لە بنجەوە لە یەك نزیکن و بە یەك وشە لە فەرهەنگدا دەنووسرێن ، یاخود وشەیەك بە ژمارەیەك واتاوە پێی دەوترێت فرە واتا .
کەواتە وەك دیاردەیەك لە زماندا ئەوەیە، کە وشەیەك زیاتر لە واتایەکی هەبێت ، بە مەرجێك ئەو وشەیە یەك نەژادی هەبێت ، بەڵام مانای جیاجیا ببەخشێ ، وەك

رۆژ: ١- بە مانای رۆژەکانی هەفتە.

٢- خۆر.

تۆپ : ١- تۆپی یاری کردن .

٢- تۆپە قوماش .

## جیاوازی نێوان فرەواتا و هاوبێژی

ئەگەرچی زۆرجار لە ڕوانگەی واتاوە ، دەشێ بە سەیرکردنێکی سەر پێی فرەواتا و هاوبێژی لێك جیابکرێتەوە ، بە هۆی چەندێتی دوورو نزیکی واتاکانیان ، بەڵام هەموو کات سەرکەوتنی پێویست بە دەست ناهێنین . چونکە کارێکی هێندە ئاسان نییە.

بۆ ئەم مەبەست هەندێ زمانەوان هەوڵیان داوە بە ووردی جیاوازی نێوانیان بخەنە ڕوو:

﴿لاینز﴾ سەبارەت بە هاوبێژی دەڵێت: هاوبێژی بریتییە لەوەی دوو وشە یاخوی زیاتر لە ڕێژەیەکدا بەشداری بکەن ، بەڵام لە واتادا جیاوازبن و هەروەها لە دوو سەرچاوەی مێژوویی جیاوازەوە هاتبن .
بەڵام فرەواتا بریتییە لە وشەیەك کە زیاتر لە واتایەکی هەبێت ، واتە ئەو وشەیە یەك نەژادی هەیە، بەڵام واتای جیاواز دەبەخشێت . بە پێچەوانەی هاوبێژی ، کە وشە هاوبێژەکان لە دوو سەرچاوەی مێژوویی جیاوازەوە سەریان هەڵداوە .

بەمەبەستی جیاکردنەوەی هاوبێژی و فرەواتا ، بەتایبەتی ئەوانەی لە بواری فەرهەنگدا کار دەکەن ، پێویستە ئاگاداری دەروازەی وشەکان بن ، واتە ئەگەر وشەکە هاوبێژ بوو ، ئەوا پێویستە لە فەرهەنگدا بە پێی ژمارەی وشەی هاوبێژەکە بێت،واتە بە دوو دەروازە یاخود زیاتر بنووسرێت. بۆ نموونە : .

شیر ١ : بە مانای شیری خواردنەوە.

شیر ٢ : بە مانای شمشێر.

بەڵام ئەگەر وشەکە فرەواتا بوو، ئەوە پێویستە یەك دەروازەی بۆ دابنرێ،لەبەر ئەوەی حیسابی یەك وشەی بۆ دەکرێت و واتاکانی بەم شێوەیە تۆمار دەکرێت .

خاو : ١- نەکوڵاو یان نەبرژاو.

٢- لووس و پەرش وبڵاو.

٣- سستی وکەم هێز.

**بواره واتاییەکان (کێڵگە واتاییەکان)**

**بواره واتاییەکان لە ڕۆنانکارەکانەوە سەری هەڵدا ، بە مەبەستی پۆلێنکردنی وشەکان و ڕوونکردنەوەی واتای وشەکان ، بە پێی ئەو شوێنەی لە ناو کێڵگەیەکدا دەیگرن بە بەراورد لەگەڵ وشەکانی هاوڕێیدا ، بەم شێوەیەش پێناسە کراوە :- بواری واتایی کۆمەڵە وشەیەکە واتاکانیان بەیەکەوە پەیوەستە ، واتە لە ڕووی واتاییەوە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە .لە ژێر یەك وشەی گشتی دا کۆدەبنەوە ، وەکو وشەکانی**

**﴿ سوور ، زەرد ، سەوز ،... هتد ﴾ کە هەموویان لەژێر یەك وشەی گشتی کە ﴿رەنگ﴾ ە کۆدەبنەوە ، یان کێڵگەی واتایی یاخودکێڵگەی فەرهەنگی بریتییە: لە کۆمەڵێك وشە، کە لە واتایەکی گشتییدا هاوبەشن و لە ژێر وشەیەکدا دابەش دەبن ، کە ئەو واتا گشتییە دەنوێنێت .**

**هەر لەبارەی بواری واتاییەوە ﴿ جۆن لاینز﴾ دەڵێت : کۆمەڵەیەکی بەشییە (جزئی) یە لە وشەکانی زمان ، ئەمە وەك بۆچوونێك (تیۆرێك ) تەماشا دەکرێت بۆ ئەوەی لە چەمکی واتای وشە تێبگەین، پێویستە لەو کۆمەڵە وشانە تێبگەین کە لە ڕووی واتاوە پەیوەندییان بەو وشەیە هەیە . جگە لە تێگەیشتنی ئەو کۆمەڵە وشەیە ، پێویستە دیراسەی ئەو پەیوەندییانە بکەین ، کە لە نێوان وشەکاندا هەیە لە ناو ئەو بوارەدا .**

**دەشێ ئاماژە بەوە بکرێ وشەکانی بواری واتایی لە یەك نزیکن و لەسەر بنەمای چەند سیمایەکی هاوبەش کۆبوونەتەوە ، بۆ نموونە واتای نرخاندێکی وەك ( زۆرباش) نازاندرێ تاکو بەراورد نەکرێت بە ( پەسەند ناوەند ، باش ، زۆرباش ، ناياب ). ئامانج و مەبەستی سەرەکی لە شیکردنەوەی بواره واتاییەکاندا خۆی لە کۆکردنەوەی هەموو ئەو وشانەی کە تایبەتن بەبوارێکی دیاریکراو دەبینێ و هەروەهاش وشەکان تاچەند پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە . تاکو لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییەوە لەگەڵ وشە گشتییەکەدا بە یەکیان ببەستێتەوە .**

**جۆرەکانی بواره واتاییەکان**

**گەلێك دابەشکردنی جیاجیا بۆ بواره واتاییەکان کراوە ، بەشێوەیەکی گشتی لەم پۆلێنەدا کۆدەبنەوە :**

**یەکەم : بواره واتاییەکان لەسەر بنەمای واتا**

**لەسەر بنەمای واتا ئەم چەشنە بواره واتاییانە هەیە:**

**١- بواری وشە هاوواتا و دژواتاکان.**

**٢- بواری هاوڕێیەتی ، ئەو وشانەی لە بەکارهێناندا بەیەکەوە دێن .**

**٣- بواری ریزبەندی**

**ئەم چەشنە دابەشکراوە بۆ :**

**أ ـ پلەداری وەکو ﴿ پلەکانی سەربازی ، تەمەنی مرۆڤ ....﴾.**

**ب ـ ریزبەندی بێ پلە وەکو ﴿ وەرزەکان و رۆژەکانی هەفتە ... ﴾ .**

**دووەم: بوارە واتاییەکان لەسەر بنەمای فۆرم**

**هەموو ئەو بوارانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنەمای ﴿ فۆنیمەکان ، مۆرفیمەکان ، دروستە﴾ دانەکانی کۆکراوەتەوە، جا مۆرفۆلۆژی بن یاخود شکاندنەوەی کێشەکان (وەزنەکان) بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ئەو وشانەی مۆرفیمی ﴿گا ، گە ﴾ دەچێتە سەریان ، یاخود ئەو ناوانەی بە ﴿ان﴾ کۆدەکرێنەوە یان ئەوانەی بە ﴿گەل /دەستە ﴾ کۆدەکرێنەوە .**

**سێیەم: بوارە واتاییەکان لەسەر بنەمای دەنگ و سترێس(هێز)**

**بریتین لەو بوارانەی کە لەسەر بنەمای دەنگ و هێز (سترێس ) ی وشە و بڕگەکان دانەکانی کۆکراوەتەوە ، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەکانی ( high ,sky ) لەسەر بنەمای خوێندنەوەی دوا دەنگ دەچنە ناو یەك کێلگەوە ، یاخود لە زمانی کوردیدا دەتوانین کێلگەیەك دروست بکەین بۆ ئەو وشانەی کراوەن و بە بزوێنی درێژ کۆتاییان هاتووە ، وەك :**

**﴿با ، شا ، کا ،چیا ، سوپا ، خوا ، ... ﴾**